**ڕێکخراوی دێمۆکراتیکی یارسان کردە تیرۆریستیەکانی قامیشلۆ بە تۆندی شەرمەزار دەکات.**

ڕۆژی چوارشەممەو ڕێکەوتی 27.07.2016، لە ئەنجامی دوو تەقینەوەی بەهێزی تروریستی لە لایەن "دەوڵەتی ئیسلامی ئێراق و شام" لە شاری قامیشلۆ، بە سەدان کوژراو و بریندار لێکەوتەوە.

داعش کە لە سەر ئەساسی ئیدئولوژی ئیسلامی سیاسی، تۆقاندن و دروستکردنی فەزای ترس و وەحشەت بنیات نراوە، سەرکەوتن و مانەوەی خوەیان لە کوشتن، وێران کردن و لە ناوبردنی شارستانییەت دەبینن. لە کەس شاراوە نیە کە داعش پەلەقاژەی مەرگ دەکات و لە ڕۆی دەسەلاتەوە تا دێت بەرەو لاوازی و لە ناو چون دەچێت و لە تێکشکاندنی ئەفسانەی داعش، کورد پشکی شیری بەر ئەکەوێ. هەر بۆیە داعش بە هەمۆ توانای خویەوە لە هەر تاکتیک و متودێکی وەحشیانە و دوور لە تەواوی پرنسیپە ئینسانیەکان بۆ درێژ کردنەوەی دەسەلاتی خۆەی کەلک وەردەگرێ. داعش بەو ئاکامە گەیشتووە کە ناتوانرێ چیدی بەو ئمکانیات و متودی شەڕەوە مانەوەی خوەی لە ناوچەکە بپارێزێت، بۆیە زۆر بە ڕاشکاوانە و بێ گویدان لە بەها ئەرزشیەکانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و بەها ئینسانیەکان تێدەکۆشی تا تروریزم و تۆقاندن بگویزێتەوە بۆ ناو ولاتانی غەربی. تیرور کردنی دەیان کەس لەم دواییانەدا لە ولاتانی فرانسە و ئالمانیا بەشێکن لەو پلان و پەیامەی، کە بومبارانکردن و دەرپەڕاندنی داعش لە ولاتانی سوریە و ئێراق بە مانای کۆتایی هاتن بە داعش نیە و بەلکۆ داعش وەک بیرۆکە و فێکر هیشتا تەهدیدی جدیە بۆ سەر ئەرزش و بەها ئنسانییەکان و شارستانییەت و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی.

داعش بە خۆلقاندنی جەوی وەحشەت و ترس لە نێۆ بازنەی دەسەلاتی بەهێزترین هێزی چەکداری، واتە پەیەدە دژ بە خوەی دەیەوەی پەیامێک ئاراستەی هاوپەیمانان و دەسەلاتی کوردی بکات، کە داعش هیشتا هێزێکی کاریگەرە و دەتوانێ کاریگەری خوەی لە سەر ناوچەکە و تەنانەت جیهانیش هەبێت.

بە پلاماردانی کلیسا و تیرورکردنی ڕاهبەی کلیسایەک لە نێو قەلبی ئوروپا کە بە ئولگوی دێمۆکراسی دژمێردری، دەیەوەێ شەڕی ئاینەکان یان باشتر بلێیم شەڕی ئیسلام و مەسیحیەت ساز بکات و بەم شێوە لە شەڕی ترۆریزمەوە بکرێتە شەڕی دیفاع لە موقەدەسات و ئیسلام بە دژی پەلامار و داگیرکارییەکانی ولاتانی غەربی و مەسیحی.

ڕێکخراوی دێمۆکراتیکی یارسان باوەڕی وایە کە تیرۆر لە ژێر هەرناۆنیشانێک و بە هەر بەهانەێک مەحکوومە و ئەرکی کۆمەڵگای نێونەتەوەییە بۆ ڕیشەکێشکردنی فێکری ترۆر لە متودێکی هاوبەش کە ولامدەری خواستی کۆمەڵگا و ئەرزشە ئنسانییەکان بێت کەڵک وەربگیردرێت.

ڕێکخراوی دێمۆکراتیکی یارسان کردە تیرۆریستیەکانی قامیشلۆ بە تۆندی شەرمەزار دەکات و پرسە و هاوخەمی خۆمان، ئاراستەی کەسوکاری گیانبەختکردوان دەکەین و هیوای چاکبوونەوەی هەرچی زۆتر بۆ بریندارەکان دەخوازین.

ڕێکخراوی دێمۆکراتیکی یارسان

کۆمیتەی مەرکەزی

28.07.2016